# ئەو بووکە شووشەیە بۆ؟!

محەمەد ناکام



*(هێشتا شەو دەستنوێژی نەشکابوو بە  تیشکەکانی سپێدە)، کە ئەو بەدەنگی (الله اکبر) وەئاگاهات، ویستی نوێژی بەیانی بکات، بەڵام گێژو سەرسام گوێبیستی بانگەکە بوو تا تەواوبوو، چاوێکی بەناو ژوورەکەیدا گێڕاو نووستەوە، نا.. خەوی تەواوەتی نەبوو، تەنها زیندە خەوی دەدی..، ئاخر ئەو هەمیشە وا راهاتبوو، هەر کاتێك مەیلی لێ بێت نوێژ دەکات و ئەگەریشنا نایکات، چونکە خودای ئەو جیاوازبوو، خودایەك نەبوو پڕ لە تۆڵەو سزای بە ئازار بێت، خودای ئەو تەنها یەك شتی لە ئەو دەویست.. (زیانی بۆ هیچ بوونەوەرێك نەبێت، جگە لەخودی خۆی)، چونکە ئەو تەنها لەڕێگەی ئازارەکانی خودی خۆیەوە دەیتوانی کەناڵ لێبدات و بەڕووت و قوتی بچێتە سەر بەرماڵی ئازارەکانی و لەبەردەم خودای خۆیدا نزاو عیبادەت ئەنجام بدات.

ئەم بەیانییە وەك ئەوەی خەون ڕێنوێنیی بکات تەپەدۆرەکەی دا بەشانیداو کەمێك لە شتەکانی ناو ژوورەکەی ڕاما، کە بریتی بوو لە ژێرزەمینێکی گەورەو تیایدا چەندەهای کەرەستەو زەخیرەی ماڵ بەسەریەکدیدا درابوون و لەسووچێکی هەمان ژووریشدا ئەو شتەکانی خۆی ڕێکخستبوون، یان ڕاستتر بڵێم بەسەریەکیدا دابوون و شەوانە لەسەر جلەکانی خۆی دەنووست، دەرکەی ژوورەکەی پێوەداو تەنها بەئاماژەی چاو سڵاو و بەیانی باشی لە یەك بەیەکی درەخت و چۆلەکەکانی حەوشەکەیان کرد، وەلێ هەموو سپێدەیەك یەکەمین شتێك کە سڵاوی لێدەکات بووکەشووشەکەیەتی، ئەو بووکەشووشەیەی کە لەمیراتی عەشق و تاراوگەوە بۆی بەجێماوە، ئەو بووکەشووشەیەی کە بووەتە هاوبەشی ژیانی و هەرچەندێك لێی ڕامێنێ هەر پێدەکەنێت، ئیدی ئەو بگری یان بەمەندییەوە لێی بڕوانێت یاخود دروست بەئەندازەی بووکەشووشەکەی دەمی بکاتەوەو پێبکەنێت، ئەو هەر پێدەکەنێت.

لە ترازاندنی دەرکەی حەوشەکەدا بوو، کە پشیلە بۆر بەحوزنێکەوە میاواندی، وەك ئەوەی گلەیی لەو بکات، کە ئەم بەیانییە لەیادی چووە بەنیگایەك و یەك دوو جار وتنەوەی (پس.. پس) بەیانی باشی لێ بکات، ناچار دەرکەی بەنیوەکراوەیی بەجێهێشت و چووە ئاشپەزخانەکەو لە سوزگیی نانەکەدا لەتێك نانی دەرهێناو بۆی لە ماستی هەڵکێشاو هاویشتییە بەر پێیەکانی، وەلێ پشیلە بۆر ئەمشەو تەنها یەك مشکی بۆ ڕاوکرابوو، ئەویش بەچکەبوو، دیسانەوە مشك لە ژێرزەمینەکەدا لانەیان کردووەو زاووزێ دەکەن، ئیدی ئەو ناچار هەموو شەوێك بۆ ماوەی دەمژمێرێك پشیلە بۆر دەباتە ژێرزەمینەکەو بۆ خۆیشی لەسووچێکدا گیتار دەژەنێ، بەڵکو مشکەکان سەرمەست بکات و بەئاسانی و بێ ئەوەی شتومەکی ناو ژوورەکە بشێوێنن خۆیان بدەنە چنگی پشیلە بۆرەوە، هەموو شەوێك لەژوورەکەی ئەودا دەمژمێر (نۆ) ئەم جەنگە، یان ڕاستتر بڵێم ئەم یارییە دەست پێدەکات تا دەمژمێر (دە)، وەلێ ئەو بەپێی دینەکەی خۆی مامەڵەی لەگەڵ مشکاندا هێندە خۆشە، تەنانەت لەناو تووکە سەرە قژنەکەشیدا خۆیان مەڵاس دابایە پێی ناخۆش نەدەبوو، هەرگیز بێزی لێنەدەکردنەوەو هەرگیز بیریشی لەوە نەکردبۆوە کە پشیلە بۆر بانگهێشت بکات بۆ ڕاوکردنیان.. تا هەراسانیان نەکرد، هەر ئەمەش بوو هۆی زۆربوونی مشکەکان، تا ڕۆژێکیان چەکمەجەی یادداشتەکانی منداڵیی دەکاتەوەو ڕاستەوخۆ بۆنێکی ناخۆش دووچاری تەنگژەو سەرئێشەیەکی توندی دەکات و بەری چاوانی لێڵ دەبێت، دەبینێت وا مشکێك لەناو چەکمەجەکەدا تۆپیوەو تەنها پێستەکەی ماوەتەوە، ناو سکەکەی لەمێژە کرمی سپی ورد ورد شییان کردۆتەوە، بەم پێیە وا مەزەندە دەکرێت کە نزیکەی ساڵێك بێت لەوێدا تۆپیبێت، ئاخر ئەو ساڵی جارێك پێداچوونەوەیەکی بە یادداشتەکانیدا دەکردەوەو تەواو، نەیدەزانی چی لە چەکمەجەکەی بکات، دڵیشی نەدەهات ئەو هەموو یادەوەرییە وردانەی منداڵیی بکات بە قوربانی تۆپینی مشکێك، ناچار دەستی لەشتەکانی نەداو حەوتوویەك لەبەر هەتاوێی دانان تا بۆنەکەیان ڕەوییەوە، ئیدی لەو ڕۆژەوە کەوتە چاوەدێریکردنی جرت و فرتی مشکان، هیواخوازبوو بیتوانیبا شەوێك بە گیتارەکەی ئاوازێکی بلوێرە سیحراوییەکەی (هاملن) بژەنێت، بەشکو کۆتایی بە لەشکری مشکان بهێنێت، دەبایە هەمیشەو زیاد لەپێویست ئاگای لە یادگارە دێرینەکانی بێت، بەتایبەتی بووکەشووشەکەی، کە دەبایە هەمیشە لەپێش چاوانی با، ئاخر ئەوە یەکەمین خۆشەویست و

دواهەمین خۆشویستراوی ئەو بوو لەم دونیایەدا. جاران بۆ هەر کوێیەك بچووبا لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، دەیبردە ناو باخچەکان، کۆڕەکان، پێشانگەو شانۆییەکان، وەلێ زۆرجار دەبووە مایەی مقۆمقۆو سەرنجڕاکێشانی خەڵکی، بەڵام ئەو بایەخی بە ڕامانو پرسیارە بێزارکەرەکانی ئەوان نەدەداو هەمیشە بەخۆی دەگوت.. (ئەوانەی بە مەتر پرسیارم لێ دەکەن، من بەبستیش وەڵامیان نادەمەوە..!).

هەموو ئێوارەیەکی پێنجشەمووان دەیبرد بۆ پارکی ئازادیو لەوێداو لەنزیك ئاوەکەدا کورسییەکی وەك جێژوانێکی هەفتانە دیارییکردبوو، هەر دەگەیشتە ئەوێ بووکەشووشەکەی لەتەنیشتی خۆیەوە دادەنیشاندو زۆر شادمانو گەشاوە دەردەکەوت، پاش تێڕامانی چاوەکانی تا سنووری ئاوتێزانو ماندووبوون.. بە زەردەخەنەو سەر ڕاوەشاندنەوە دەکەوتە خوێندنەوەی تەواوی ئەو شیعرانەی کە بۆ خودی بووکەشووشەیێکی ڕاستەقینەی بە ئەندازەی خۆی نووسیبوون، بەڵام لەڕاستیدا دەنگی ناگاتە ئەو و لەکاتی خوێندنەوەی دێرە ئیرۆسییەکاندا دەستی ناچێتە گەردنی، ناچار بووکەشووشەکەی بەدەستێکی بەرزدەکردەوەو دەستەکەی تریشی بەنێو قژە مۆرو سپییەکەیدا دێناو دەبرد، لەپڕ دەکەوتە راموسانیو لەزەتی ماچو ئەوینو فیراقی تێکەڵ بەفرمێسكو خەندە دەکرد، وەلێ بووکەشووشەکەی ئامێزی هەر پێدەکەنیو لەپێش چاوی ئەو باڵای دەکردو باسکە رووتو باریکەکانی دەخستە سەر شانەکانیو بەدەم سەمایەکی وەهمییەوە کورسییەکەی ژێریشیان رادەژاو سەمفۆنیای چۆلەکەکانیش درێژو درێژتر دەبۆوە. لەپڕێکدا تەپە تەپی پێی باخەوانێك، یاخود چپەو حیلکە حیلکی دوو عاشقی ساویلکە لەو بەهەشتی ئیرۆسییەتەدا خەیاڵ پارچەو ئامێز چۆڵ جێیان دەهێشت، کەچی هێشتاش بووکەشووشەکەی ئامێزی کە رووی لێوەرگێڕابوو..و.. لاریبووەوە هەر پێدەکەنی، بەڵام ئەگەر خودی بووکەشووشە ڕاستەقینەکەی لەم دۆخەدا ئەوی بدیبا ڕەنگبوو نوقمی گریانێکی پڕ قاقا بێت، بەڵام ئێستا تەنها لەماڵەوەدا دەتوانێت خەمەکانی لەگەڵدا دابەشبکات، خۆ ئەگەر بیتوانیبا وەکی جاران بیهێنێتە دەرەوە دەیتوانی خەیاڵەکانیشی لەگەڵدا دابەشبکات.

ماوەیەکە بارودۆخی شارەکەی ئاسایی نییەو پۆلیسی بەردەم باخچەو کۆڕو گەلەرییەکان هەموو شتێك دەپشکننو لە بووکەشووشەی دەستی منداڵانیش بەگومانن، تەنانەت جارێکیان خەریکبوو بووکەشووشەکەی هەڵوەشێننو لەتوپەتی بکەنو دەیانگوت.. (تۆ ئەم بووکەت بۆ کاری تیرۆریستی هەڵگرتووە نەك بۆ ئیرۆسییەت)، ئیدی ئەو نەیدەزانی بەچ زمانێك لەگەڵیاندا بدوێت، هەموو دەوریان لێیدابوو..و.. بە کۆرس پێی پێدەکەنینو دەیانگوت.. (ئەمە شێتە!) لەکاتێکدا ئەو شێتێکی ئاقڵ بوو.

بەدەم لێکدانەوەی ڕستەیەك خەونی فڕیوەوە گەیشتە بەردەم ئەو دوکانەی کە مەبەستی بوو، منداڵگەلێك لەبەردەمی دوکانەکەدا خەریکی پێچانەوەی چلوورەو ئایسکرێمەکانیان بوونو حاجییەکیش بە چەپکێك پەنجایی شەقو شڕەوە خەریکی حیساب بوو، ئەویش تا نۆرەی گەیشتێ کەمێك لە خەواڵوویی شەقامەکەو هاتووچۆکەرانی ئەو بەیانییە راماو دوو کچی بینی، کە یەکێکیان دروست بەئەندازەی بووکەشووشەکەی قژی بەردابۆوە، خەریکبوو جارێکی دیکەش بگەڕێتەوە بۆ لای ڕستەی خەونە فڕیوەکانی، ئەو ڕستەیەی کە هەرگیز خاڵی کۆتایی لێ دانەدەنرا، چونکە

رستەیەکی ناتەواوبوو، رستەکەی ئەو نیهادو گوزارەبوو، نا.. دڵنیانیم بەم شێوەیە بوو.. (دوو بکەری بێ کردار، تەنانەت بەرکارێکیشیان لەنێواندا بوو، بەڵام کردار نا)، هەر کە کابرای خاوەن دوکان دەورەی چۆڵ بوو، هاتە دەنگو ئاماژەی بە کارتۆنێك ئایسکرێم دا بۆی داگرێت، کارتۆنە ئایسکرێمەکەی خستە ناو تەپەدۆرەکەیو هەڵی نەپچڕی، چونکە دڵنیا نەبوو لە دەستکەوتی ئەو رۆژەی.

تەپەدۆرەکەی دا بەشانیداو خاوخاو کەوتەڕێ، بە وریایی لەشەقامەکە پەڕییەوەو گەیشتە کەنار باخی گشتیو دیتی هاوڕێیەکی هاندەکەی ناوەتە پەناگوێیو بەدەم سەیرکردنی دەمژمێرەکەیەوە دەڵێت.. (دێی، ئاخر کەی دێی؟!)، ئەویش بەرلەوەی لایەوە رەت بێت بە دەست سڵاوێکی لێ دەکاتو هاوڕێکەشی بەسەر وەڵامی سڵاوەکەی دەداتەوە، دواتر بەبەردەم کتێبفرۆشەکەدا تێپەڕدەبێتو دەبیستێت دوو کوڕی دیسکۆ گاڵتە بە تایتڵی رۆمانێك دەکەنو دەبینێت منداڵێکی پاکەتفرۆش خەریکی ماچکردنی کچی سەربەرگی گۆڤارێکە، دواتر بە بەردەم بارەگای حیزبێکدا تێپەڕدەبێتو لەبەر سەنگی تەپەدۆرەکەی شانی کەمێك بەلای چەپدا چەماوەتەوە، هەر کە پۆلیسەکان چاویان پێی دەکەوێت، واز لە سەیرکردنی ئەملاو ئەولاو کچی جوان دێنن، کە خوویان پێوەگرتووەو هەر سەرنجی ئەو دەدەن، ناهەقیان ناگرم، رەنگە تا ئێستا مەخلوقی وەها ئەنتیکەیان نەدیبێ، ئەو لاوێکی تەمەن بیستو یەك ساڵانە، گەرچی چاوە بەقووڵداچووەکانیو لۆچەکانی دەموچاوی وای مەزەندە دەکەن کە سی ساڵی تەمەن گوزەراندبێت، ئاخر ئەو هیچ هێماو ئارەزوویەکی گەنجانەی پێوە دیار نییە..!

جووتێك شەحاتەی لا دڕاوو پەڵەبۆیاویی لەپێدایە، پانتۆڵێکی کەسکی کۆماندۆو تیشێرتێکیش هەر لەڕەنگی پانتۆڵەکەی، لەمەچەکی چەپیدا دەمژمێرێکی شووشە درزبردوو..و.. لەمەچەکی راستیشیدا زنجیرێکی باریکی پێدا شۆڕبۆتەوە، لەبەر سەنگی ئەو دوو مەمکە وشەکە شووشەییەی کە بەزنجیرەکەدا هەڵواسراونو دەیەوێت لەڕێگەی ئەو مەمکە وشکانەوە ئارەزووە دیلەکانی منداڵی رزگار بکات، دواتر ریشێکی تەنكو درێژ لەلا روومەتە قووپاوەکانیدا گرژبووەو تێکەڵ بە قژە لوولو درێژەکەی بۆتەوە، کە لەدواوە بە مەتاتێکی شین بەستوویەتی، کاسکێتەکەی سەریشی هەر شینە، بەڵام هێندەی تۆزو خۆڵو چەوری لێنیشتووە رەنگیان گۆڕیوە، تەپەدۆرەکەی شانیشی هەروا سادە نییە، لەهەموو لایەکییەوە بەویستی خۆی فڵچەی رەنگاوڕەنگی لێوەشاندون، کە تەواو مایەی سەرنجن، لەوێش رەت دەبیو دەگاتە بەردەم (فۆتۆ باڵا)، یەکسەر ئیشتیای گرتنی وێنەیەك دەکات لەگەڵ تەپەدۆرەکەیدا، وەك چەندینجاری دیکە لەگەڵ بووکەشووشەو گیتارەکەیدا لەوێ وێنەی گرتووە، بەڵام دەبینێت وێنەگرەکە لەوێ نییە، لەو ناوەش تێپەڕدەبێتو دەگاتە بەردەم هۆڵی دیالۆگ، راستەوخۆ ئەو رۆژەی دێتەوە یاد، کە لەگەڵ هاوڕێیەکیدا ئێوارە کۆڕێکیان سازدابوو، بانگهێشتنامەیەکی بۆ خودی بووکەشووشە راستەقینەکەی ناردبوو، بەڵام نەهاتبوو بۆ کۆڕەکە، لەکاتێکدا لەپشتی بانگهێشتنامەکەشدا بۆی نووسیبوو.. (گەر تۆ نەیەیت بۆ سەر یەکێك لە کورسییەکانی ناو ئەم هۆڵە، وا هەست دەکەم تەواوی کورسییەکانی بەرامبەرم بێ چرپەیەو چۆڵو هۆڵە)، دواتر دەگاتە بەردەم سەرۆکایەتیی شارەوانیو خێرا ژێرزەمینەکەی دێتەوە یاد کە بەپێی نەخشەیەکی شارەوانی بەر جادە دەکەوێتو ئەویش لەناخەوە مەیلی لێیە ناوی ئەم شەقامە تازەیە

بەناوی خۆیەوەبێت. دەگاتە بەردەم دوکانی دارتاشەکانو بە دەنگێکی نزم هاوار دەکات.. (ئایسکریم، ئایسکریمی ئێرانی)، کەس نایەتە وەلام، سەیرێکی ئەوبەری شەقامەکە دەکاتو دەبینێت مندالگەلێك لە باخچەی نالیدا خلیسکێنە دەکەن، دەچێتە ئەویٚ بەڵکو ئایسکرێمێك بفرۆشێت.

دەگاتە باخچەکەو تەپەدۆرەکەی لە سێبەری درەختێکدا دادەنێتو بۆ خۆیشی لەسەر کورسییەکە دادەنیشێتو سیگارێك دەپێکێتو لە سێیەم نەفەسدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرزەمینی مندالّییەکانی، ئەو هەرگیز لە مندالّیدا دەرفەتی چوونە دیلانێی نەبووە، هەمیشە لە تەشتێکی نایلۆنی سووردا چەند لوولە گوڵەبەڕۆژەیەکی دەدایە لاکەمەرىو لە دووی ژنانی بەردەرگا دەگەڕا. هەموو مندالّیی تێپەڕی فیلم کارتۆنێکی نەدی، بەلاّم هەندێك ئێوارە ڕێی دەکەوتە بەردەرگای مالّێك، کە دەنگی (T.V)یەکەیان لە ئەمدیوی دیواری حەوشەکەیانەوە دەبیسترا، ئەویش تەشتە گوڵەبەڕۆژەکەی لە تەنیشتی خۆیەوە دادەناو گوێی دەنا بە دیوارەکەوە، تا فیلم کارتۆنەکە تەواو دەبوو، ئیدی (گریندایزەر بووایە یان مشكو پشیلە) ئەو هەر دەنگی دەبیست.

لەپڕ ژنێکی چارشێو بەسەر لە زەمینی مندالّییەکانیدا پەلکێشی کردە دەرێ، سەرەتا ئەو وایزانی کە ئایسکریمی دەوێت، بەلاّم ژنەکە هاتبوو بپرسێت.. (کارگەی توتنی جگەرە لەکوێیە؟!)، ئەویش ئامارەی بۆ لای چەپی خۆیکرد، دواتر تەپەدۆرەکەی هاتەوە یاد، کە هەمیشە لەنێوان تەپەدۆرەکەو بەرگە گوێنییەکەیدا پەڕتووکێکی بە قەلّەم جافێکەوە تێدا شاردۆتەوە، وای بۆچوو تا شتێك دەفرۆشێت، شتێك بنووسێت چاکە، یان هەر هیچ نەبێت سکێچی دارێك بکات، وەلێ فرۆشتن لەدەستی ئەودا نەبوو، بەلاّم هەر کاتێك بیویستبا بەنووسین تابلۆی ناکامییەکانی خۆیو شارەکەی بکێشێت، هەمیشە شتێك ئامادە بوو.. هەمیشە شتێك. نەیدەزانی، ئەو ئێوارەیە ڕەسم بکات کە برا گەورەکەی مالّئاوایی لەئەوو دایكو باوكو شەقامەکانی یادەوەرىو نیشتیمانکرد، یاخود ئەو بەیانییە ڕەسم بکات کە چووە ژووری ئیدارەی خوێندگەو بە جەنابی بەڕێوەبەری گوت.. (هاتووم مالّئاوایی لە تۆو لە هاوڕێکانمو ئەو کورسیو پۆلە بکەم کە چەند مانگێکە تیایدا نیشتەجێم)، یان باس لەو ئێوارە سامالّەی پاییز بکات، کە چووە بەردەم مالّی خودی بووکەشووشە ڕاستەقینەکەی، بەلاّم ئاهـ..!، کات درەنگبوو بۆ لەدەرگادان، بەهەرحالّ ئەو ئەوکات بڕیاری نەدا کە چی بنووسێت، لەبری ئەو من دەستمکرد بەنووسینەوەی ئەم چیرۆکە، کە دوو کورسی لەولا ئەوەوە دانیشتبووم.

نەمدەزانی لەکوێوە دەست پێبکەم، ئاخر ئەو هەر شەوو ڕۆژێکی سیناریۆیەکی تازەبوو، بەبێ پرسی دەرهێنەرەکەی کە لەپشت پەردەی حەوت تەبەقەی ئاسمانەوە خۆی حەشاردابوو.. جووڵەکانی نمایشدەکردو هەموو جارێکیش کە تەواو دەبوو تەنها دەرهێنەرەکەی چەپڵەی بۆ لێدەداو شادمانیی دەردەبڕی، ئەگەرنا تەواوی مەخلوقاتەکانی سەر زەوی بە فریشتەکانیشەوە لەجووڵەکانی ئەو بەگومان بوون!

ئەو زەمەنێك جانتایەکی دەدا بەشانیداو دەیویست زانست فێربێت، زەمەنێك گیتاری دەدا بەشانیداو دەیویست فێری هونەری مۆسیقا بێت، ئەوەتا ئێستاش تەپەدۆرێکی داوە بەشانیداو دەیەوێت پارەی دەستبکەوێت، تا بتوانێت ئەو خانووە بکڕێت، کە مالّی خوودی بووکەشووشە ڕاستەقینەکەی تێدا دەژیان، تا بۆ ئەبەد مالّێك لە وەهمو لە عیشقو فیراق بۆخۆی پێکەوەنێ، ئیدی

ئەو جانتا یاخود گیتار یان تەپەدۆری بدایە بەشانیدا، هەر بە ئەندازەی یەکدی ئازاری شانەکانیان دەداو نەشئەیان بەڕۆحی دەبەخشی. هەموو گەنجێتیشی وەکی منداڵی بەرەو کۆتا دەچێت، کەچی هێشتا لێوی نەداوە لەلێوی کچێك جگە لە بووکەشووشەکەی، ئاخر مەحاڵە بووکەشووشەیەکی دیکەی وەها هەبێت لەم دونیایەدا لە بووکەکەی ئەو بچێت، لەهەمانکاتیشداو لەشارەکەی خۆیدا دەگەنە مەخلوقێکی دیکەی وەك خودی بووکەشووشە راستەقینەکەی هەبێت، چەندەها شەو دانیشتووە بەدیار بووکەشووشەکەیەوەو بەقەبارەی جیاواز وێنەی کێشاوە، هێندە وێنەی بووکەشووشەکەی کێشاوە، ئێستا گەر چاوەکانیشی بنووقێنێتو بووکەکەش بشارێتەوە هەر دەتوانێت وێنەی بکێشێت، چونکە پەیکەری خودی بووکەشووشە راستەقینەکەی لەزەینی دووەمیداو بە پۆشاکی جۆراوجۆرو مۆدێلاتی قژی جیاوازەوە هەڵکۆڵراوەو هەرکاتێك بییەوێت وێنەی ئادەمییەك بکێشێت بەبێ ویستی خۆی بەشێك لە وێنەکەی زەینی دووەمی بەسەر وێنەی سەر کاغەزەکەی بەردەستیدا شەقڵ دەبێت، چەندینجار کچە پوورەکانی داوایانلێکردووە وێنەیان بکێشێت، بەڵام نەیتوانیوە، وەك ئەوەی خودی بووکەشووشەکەی زەینی دووەمی ڕێگەی پێ نەدات جگە لەخۆی وێنەی هیچ ئادەمییەکی دیکە بکێشێت.

ئەو زەمەنێك عاشقو سەوداسەری کچێکی هاوڕێی ببوو و خۆشی دەویست، هەر لەیەکەم سەرنجەوە وای مەزەندە کردبوو کە ئەمە دروست ئەو مەخلوقەیە ئەو لەدووی دەگەڕێت، ئیدی بە ئەوپەڕی پشوودرێژییەوە چاوەڕوانی ساتێکی وەهایکردبوو، کە بەشێوەیەکی نهێنی نووسخەیەکی کۆپیکراوی رۆحی بداتە دەست کچەکە تا بیخوێنێتەوە، بەڵام لە پچڕانی پەیوەندییە هاوڕێیەتییەکەیان دەترسا، تەنانەت دەیزانی رەنگی دەرگای حەوشەکەیان چۆنە، بەڵام هەرگیز ئەودیوی دەرگاکەی نەدەبینی، وەك چۆن نەیدەتوانی ئەودیوی زەردەخەنەو نیگا دزراوەکانی ئەو ببینێت، ئیدی ئەو بەمشێوەیە لە نێوان ترسو وتندا ئەفەرۆزەدامابوو، تا رۆژێکیان دڵی ختوورەی کردبوو کە دەبێت دەستپێکی قسەکانی بەدیارییەکی ئێجگار ناوازەو سەراسا دەست پێبکات، ئیدی هەر کاتێك بچووبا بۆ بازاڕ زۆر بەوردیو زیاد لەپێویست لە کاڵاو بابەتی فرۆشیاران وردە دەبۆوە، دواجار ڕێی دەکەوێتە دوکانی لەیستۆکەفرۆشێكو دەبینێت چەندەها ورچو کەروێشكو پشیلەو حەتحەتۆکەی سەمەرە بە دەرزیی سنجاق لەسەر پەردەی سەر دیواری دوکانەکە راگیرکراونو هەر یەکەیان بە ئاراستەیەکدا دەڕوانێت، تاکە شتێك کە رووی لە ئەوبوو بووکێکی باڕبیی چاوشینی قژ درێژبوو، سترابلێکسێکی مۆری بریسکەدارو چارلسێکی چەرمی رەساسیی لەبەردابوو، ئیدی ئەو بەزوویی تەسلیمی سیحرو مەغزای ئەو بووکە بوو و هەر ئەو ساتە کڕیو بردییە ماڵەوەو بە عەتر دەموچاوی شووشتو بەشانەکەی خۆی قژی بۆ داهێناو چاوەڕوانی سەری ساڵی تازەبوو، تا بەم بۆنەیەوە دیارییەکەی بداتە دەست هاوڕێکەیو دڵنیابوو لەوەی کە هاوڕێکەی بەدیارییەکەی شادمان دەبێتو لەیادی ناکات، چونکە وێکچوونێك لەنێوان هەردووکیاندا هەبوو، بەهەرحاڵ چاوەڕێی کرد تا سەری ساڵ هات، خۆی ئامادەکردو کەوتەڕێ..

کە دەگاتە بەردەرگای ماڵی هاوڕێکەی تووشی دڵەکوتێ دەبێو ئارەقە دەکاتەوەو لەشی دەلەرزێت، هەرچۆنێك بێت دەیەوێت بەسەر دڕدۆنگییەکانیدا زاڵ بێتو پەنجە دەنێت بە پلاکی زەنگەکەدا، کەس نایەت دەرگاکە بکاتەوە، گومان دەکات کارەبا نەبێت، بۆیە بەدەست دەکەوێتە



کوتینی دەرگاکەیان، ئەمجارەشیان کەس نایەت، پاش هەڵوێستەیەك گوێبیستی خشەخشی جووتێك سۆڵی ژنانە دەبێت، پتر دەلەرزێ‌و نزا دەکات بەشکو ئەمە خۆی بێت‌و هەر ئێستا کۆتایی پێبهێنێت، کەچی دەرگای ماڵی دراوسێکەیان دەکرێتەوەو ئافرەتێك بە بێزارییەوە دەدوێت.. (چیت دەوێ لەو ماڵە؟!.. ماوەیەك لەمەوبەر وامزانی زۆر چارە رەشن، پیاوەکەیان کە لەڕێکخراوێکی مین هەڵگرتنەوەدا سەرپەرشتیکاری پشکنین بوو، مینی پێدا تەقییەوەو پارچە پارچەبوو، کوڕە گەورەکەشی کە لێوەی نزیك بوو برینداربوو، کەچی هەر هێندەی پرسەی پیاوەکە تەواوبوو و کوڕەکەیان حاڵی باش بوو، راستەوخۆ بۆ دڵدانەوەیان نێردرانە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو لەوێ دەژین، تاوەکو چیدی لەم شارەداو لەگەڵ بیستنی هەواڵی تەقینەوەکاندا رانەچڵەکێن‌و ئەو تراژیدیا مەزنەیان لەیاد بچێتەوە، بەڵام ئێستا وا هەست دەکەم چارەڕەش نین‌و چارەبۆرن)، ئیدی ژنەکە دەرگا بەڕووی ئەودا دادەخاتەوە، ئەویش بێ ئەوەی تەنها وشەیەك لەگەڵ ژنەکەدا بگۆڕێتەوە، بە سەرگەردانی‌و دڵی شکاویەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوەو لەحەوشەکەیاندا پشیلەیەك دەبینێت، ئەویش کە بەدرێژایی ڕێگەی ماڵەوە هەر دواهەمین وشەی ئەو ژنەی دوبارە کردبۆوە لەبەر خۆیەوە کە قسەکانی بۆ کرد، ئیدی لەو رۆژەوە ئەو پشیلەیەی ناو ناوە پشیلەبۆر.

ئیدی من کە لەنووسینەوەی ئەم چیرۆکە لێبوومەوە.. چوومە لایەوەو چیرۆکەکەم دایە دەستی‌و پێمگوت: ئەی داماوتر لە ئایسکرێمە تواوەکانی ناو تەپەدۆرەکەت، هەستە بچۆرەوە بۆ ژێرزەمینەکەت‌و هەموو شەوێك ئەم چیرۆکە لەسەرەتاوە تا کۆتا بە ئەسپایی بۆ بووکەشووشەکەت بخوێنەرەوە).

*(..........) کۆپییەکی هەمان ئەو دێڕە قەسیدەیەی (عەلی پێنجوێنی)یە، کە دەڵێت.. (وەك شەوەکییەکی دەستنوێژ نەشکاو بە ڕووناکی).